**بەش باخچەی منداڵان**

**کۆلێژ پەروەردەی بنەڕەتی**

**زانکۆ: سەلاحەددین-هەولێر**

**بابەت: گرفتەکانی منداڵ**

**پەرتووکی کۆرس: قۆناغی یەکەم - کۆرسی یەکەم**

**ناوی مامۆستا: چیمەن همزە درویش - مامۆستای یاریدەدەر**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢-٢٠٢٣**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | گرفتەکانی منداڵ |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | م. ی چیمەن همزە درویش |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | باخچەی مندالآن / پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: chiman.drwish@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٣٠٤٧٠٤ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: ٣ کاتژمێر<br>پراکتیك: نیە |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ( ٣ ) سێ کاتژمێر لەهەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | لەساڵی خوێندنی ٢٠٠٨ - ٢٠٠٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لەبەشی زمانی کوردی/کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەددین بەدەستهێناوە. لەساڵی ( ٢٠٠٩ ) وەك یاریدەدەری توێژەر لەبەشی زمانی کوردی هەمان کۆلێژ دەست بەکاربووم بۆ ماوەی ( ٣ ) ساڵ. خولی توانستی کۆمپیوتەر و خولی زمانی ئینگلیزی وەك پێداویستیەك بۆ وەرگیران لەخوێندنی بالآم بینی , لەسالآنی ٢٠١٢/٢٠١٣ لەخوێندنی ماستەر وەرگیرام لەهەمان کۆلێژ و زانکۆ. بڕوانامەی ماستەرم لەبواری ( ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی ) لەبەرواری ( ٢٠١٥/٣/٤ ) بەدەستهێنا , لەبەرواری ( ٢٠١٥/٣/٣١ ) نازناوی زانستیم وەرگرت بەناونیشانی ( مامۆستای یاریدەدەر ) , ئێستاش وەك مامۆستایەك لەبەشی باخچەی مندالآنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین کاردەکەم. |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | **گرفتەکان، ڕێگاکانی دیارکردنی، شلەژان، نەگونجان، ئامادەباشی،** |

| | |
|---|---|
| | **قوتابی, ترس , دەروونی , پەروەردەیی, چارەسەرکردن , پاراستن ....** |
| **١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**<br><br>**مەبەست لەخوێندنی ئەم بابەتە ئاشناکردنی قوتابیانە بەچینێکی گرنگ و قۆناغێکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتی ئەویش منداڵە, هەروەها زانینی ئەوەی ئایا ئەو گرفتانە چین رووبەڕووی منداڵان دەبنەوە لەهەموو بوارەکان بەتایبەت منداڵانی باخچە.**<br>**لەلایەکیتر ئاشناکردنیانە بەڕێگاکانی چارەسەرکردنی گرفتەکان لای منداڵان و دیارکردنی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی گرفتەکانی منداڵ ئایا بەشێوەی راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.**<br>**هەروەها ئاشناکردنی قوتابیانە بەگرفتە جۆراوجۆرەکان لەوانە: گرفتە تەندروستی و جوڵەییەکان کەئەمانە ئێستا بەشێوەیەکی بەرچاو درکی پێدەکرێت لای تاکی کۆمەڵگا بەتایبەت منداڵان , دایکان و باوکانیش بەدەستیەوە دەناڵێنن چونکە زۆرجار دوورە لەویستی تاك لەگەڵ پێشکەشکردنی رێنمایی تایبەت بۆی.**<br>**لەلایەکیتر خستنەڕووی هەڵچوون وەك گرفتێکی دیار و بەرچاوی نێو منداڵان بەتایبەت منداڵانی باخچە, ئەم گرفتانەش منداڵ بەرەو نەگونجانی کۆمەڵایەتی دەبات کەئەمەش بۆ خۆی گرفتێکە و دروست دەبێت لای منداڵ وەك تێکدان و دزی و ... , ئەمە جگە لەخستنەڕووی گرفتەکانی ئامادەباشی بۆ فێربوون و فێرکردن لەباخچە.**<br>**قوتابی لەروویەکی تر دەتوانێ سوود لەم بابەتە وەربگرێت لەزانینی رێگای چارەسەری گرفتەکان لای منداڵ وەك چارەسەری پزیشکی و دەروونی و خستنەڕووی گرنگی چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە لایان.**<br>**هەروەها خوێندنی هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی گرفتەکان سوودێکی باش بەقوتابی دەگەیەنێت بەو پێیەی دەتوانێت لەدوارۆژی وەك مامۆستایەکی سەرکەوتوو کاتێ گرفتێکی بەم شێوەیەی هاتە پێش بتوانێت بەباشترین شێوە چارەسەری بکات لەگەڵ فێربوونی هونەرەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ رەفتارە خراپەکان.**<br>**ئەمانە و چەندین بابەتی تر لەکرۆکی بابەتی گرفتەکانی منداڵ دەخوێندرێن تاوەکو قوتابی بتوانێت دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆیی و بەکەڵك وەرگرتن لەم بابەتە و ئەم ساڵی خوێندنەدا کەسێکی کارای نێو کۆمەڵگا بێت و لەهەر شوێنێکی پەیوەندیدار بەپیشە و پسپۆریەکەی هەلی کاری بۆ رەخسا ئامادەیی تیادا هەبێت بۆ خزمەتکردن.** | |
| **١١. ئامانجەکانی کۆرس**<br><br>**بەو پێیەی کەپاشەرۆژی قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی پیشەیان مامۆستایەتیە لەباخچەکانی منداڵان, بۆیە ئەم کۆرسبوکە یاخود ئەم بابەتە چەند ئامانجێك** | |

لەخۆدەگرێت تاوەکو قوتابیان بتوانن سوودی لێ وەربگرن بەشێوەیەکی پراکتیکی لەداهاتووی خۆیاندا.

یەکێك لەمانە ئاشناکردنی قوتابیانە بەباسکردن و خستنەڕووی گرفتەکانی منداڵان. هەروەها شارەزابوونی قوتابیانە بەشڵەژانی دەروونی لای منداڵ و خستنەڕووی واتای ڕەفتارە پەسەند نەکراوەکان لای منداڵ, لەلایەکیتر نیشاندانی جۆرەکانی گرفتە وەك تەندروستی و جوڵەیی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی و فێربوون و فێرکردن.

هەروەها ئاماژەکردن بەڕێگاکانی دەستنیشانکردنی گرفتەکان لای منداڵان جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەهەمانکاتدا خستنەڕووی ڕێگای چارەسەری گرفتەکان وەك پزیشکی و دەروونی و خستنەڕووی گرنگی چارەسەرکردنی گرفتەکان لای منداڵان.

لەلایەکیتر شارەزاکردنی قوتابیانە لەخستنەڕوو و ناساندنی چەمکی نەگونجانی کۆمەڵایەتی هەروەها ئاشناکردنی قوتابیە بەکێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکان.

لەکۆتاییشدا ئاماژەکردن و شارەزاکردنی قوتابیانە بەهونەری مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵی خاوەن ڕەوشتی خراپ و خستنەڕووی شێوازەکانی چارەسەرکردنی دەروونی و پەروەردەیی بۆ قوتابیان.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

١. ئامادەبوونی قوتابیان لەنێو پۆل.

٢. تاقیکردنەوەی لەناکاوی ڕۆژانە

٣. بەشداریکردن و دەربڕینی بۆچوونی سەبارەت بەو بابەتانەی کە لەنێو پۆل تاوتوێ دەکرێن و دەخوێندرێت.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە:**

١. ڕێگای وانەبێژی (طريقة الإلقاء أو المحاضرة)

٢. ڕێگای هەژاندنی مێشك ( طريقة العصف الذهني )

٣. ڕێگای پرسیار و وەڵام (طريقة الإستجواب)

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

١. لە (٤٠٪)ی نمرەکان تایبەتە بەتاقیکردنەوەیەك لەکۆتایی کۆرسی یەکەم ئەنجام دەدرێت.

٢. لە (٦٠٪)ی نمرەکان، تایبەتە بە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، کە کاتی دیاریکردن و دەستپێکردنی لەکاتی خۆی دیاری دەکرێت.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

بەو مەرجەی کەتۆی قوتابی ئامادەییت هەبێت لەوانەکان , چالاکیت ئەنجام دابێت و بەشداریت لەگفتوگۆکانی نێو پۆل کردبێت , بەدواداچوونت کردبێت بەدوای زانیاریەکان, ئەوا بەدڵنیاییەوە لەچەند لایەنێکەوە دەبیت بەکەسێکی پێگەییشتوو , چونکە تۆ لەرێگەی بابەتەکانەوە ئاشنایەتیت لەگەڵ کۆمەڵێ چەمك و وشە لا دروست دەبێت سەبارەت بەگرفتەکانی منداڵ و رێگای دەستنیشانکردنی گرفتەکانی منداڵ و جۆرەکانی گرفت لای منداڵ و رێگاکانی چارەسەرکردنی گرفتەکان لای منداڵان و ... , بەمەش ئاستی زانیاری و مەعریفیت گەشەی بەخۆوە دەبینێت. بەمەرجێك خوێندنەوەت بۆ بابەتەکان هەبێت. لەلایەکی تر تۆ کاتێ لەدوارۆژ کۆلێژ تەواو دەکەیت لەرێگەی ئەو زانیاریانەی کەوەرت گرتوون , دەتوانیت کەسایەتیەکی باش بۆ خۆت بنیات بنێیت و هەستی باوەڕ بەخۆبوون لات دروست بێت , هەروەها بتوانیت لەرێگەی ئەو زانستەی کەلات هەیە بەبێ ترس و شەرم و دڵەراوکێ پراکتیزەی پیشەی خۆت بکەیت لەداهاتوودا و بتوانیت زۆر بەباشی هەر کێشەیەك بێتە پێش بەسەرکەوتوویی دەستنیشانی بکات. لەهەمانکاتدا ئەم بابەتە فێری ئەوەت دەکات بتوانی بەئاسانی چارەسەریەکی گونجاو بۆ گرفتەکانی منداڵان بدۆزیتەوە. لەکۆتاییشدا دوای تەواوکردنی ئەو بابەتە تۆی قوتابی هەگبە و نازناوی پیشەکەت زانیاریەکی نوێ یاخود بڵێین کۆمەڵێ زانیاری دەخرێتە سەر , بەمەش دەرفەتێکت بۆ زیاتر دەرەخسێنێت , بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار لەپسپۆریەکەی خۆت لەداهاتوو کە باخچەکانی منداڵانە و سەرکەوتووش بیت تیایدا.

**١٦. لیستی سەرچاوە**


- **سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:**

١. الختاتنة, سامي محسن, ( ٢٠١٣ ), **مشكلات طفل الروضة**, الطبعة الاولى ,دار المكتبة الحامد للنشر والتوزيع , عمان  الاردن.

٢. عبدالله, محمد ,عادل , (٢٠٠٠) ، **الاضطرابات السلوكية للاطفال والمراهقين** , ط١, دار الرشاد, مكتبة عربية للنشر والتوزيع , القاهرة.

- **سەرچاوە بەزمانی کوردی:**

١. بکار, د. عبدالكريم ( ٢٠١٥ ), **کێشەکانی منداڵان**, چاپی یەکەم, چاپخانەی ئارا, سلێمان- هەرێمی کوردستان/عیراق.

٢. علی, د. سۆلاف فائق محمد وئەوانیتر, ( ٢٠١٣ ), **ئاسۆی پەرەپێدانی باخچەی منداڵان**, چاپی یەکەم, چاپخانەی چوارچرا, سلێمانی/ هەرێمی کوردستان  عیراق.


| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| | |

| | |
|---|---|
| | - بەرچاوخستنێکی گشتی بڕگە و بابەتەکانی ئەم وانەیە.<br>- تیشك خستنەسەر هۆکار و گرنگی خوێندنی ئەم بابەتە.<br>- ئاماژەکردن بەچۆنیەتی خوێندنی بابەتەکە.<br>- نمایشکردنی سەرچاوە پشت پێ بەستراوەکان لەخوێندنی بڕگەکانی ئەم بابەتە. ( هەفتەی یەکەم ) |
| | - پێناسەی گرفت و ئەو فاکتەرانەی کاردەکەنە سەر دروستبوونی گرفت<br>- گرفتەکانی منداڵ<br>- دەستنیشانکردنی گرفتی دەروونی<br>- گرنگی لێکۆڵینەوە لەگرفتەکانی منداڵ لەڕووی رەفتاری و پەروەردەیی ( هەفتەی دووەم ) |
| | - چۆن بزانین کەوا رەفتاری منداڵ پەیوەندی بەگرفتێکەوە هەیە؟ ( هەفتەی سێیەم ) |
| | - ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی گرفتەکانی منداڵ:<br>١. راستەوخۆ:<br>- تێبینیکردن<br>- ئەو هەڵوێستەی کەگرفتەکە لەخۆدەگرێت<br>( هەفتەی چوارەم ) |
| | - شێوازەکانی سیسیۆمەتری<br>٣. پێوانەی ناراستەوخۆ:<br>- راپۆرتی ئەو کەسانەی کەمنداڵەکەیان لا گرنگە<br>- پێوانەی رەفتاری ئەرێنی و نەرێنی ( هەفتەی پێنجەم ) |
| | - گرفتە تەندروستی و جوڵەییەکان:<br>- گرفتی ( نانخواردن, کەم سەرنج یاخود بزێو, زمان گرتن,<br>( هەفتەی شەشەم ) |

| | |
|---|---|
| | - کێشەی جوڵەیی, گرفتی خۆتەڕکردن بەشێوەی خۆنەویستانە )<br>( هەفتەی حەوتەم )<br>- ڕێنمایی و پێشنیار بۆ پاڵپشتیکردن لەپێشخستنی جوڵەیی و گەشەی دەستەیی بۆ منداڵانی تەمەنی ( ٤ -٦ ) ساڵی<br>- گرفتە هەڵچوونەکان:<br>- پێناسەی هەڵچوون ( هەفتەی هەشتەم )<br>- ئەو گرفتە هەڵچوونانەی کەوا لای منداڵانی باخچە دەردەکەوێت:<br>- کەمی متمانەبەخۆبوون , گرفتی الاکتئاب ( هەفتەی نۆیەم )<br>- ترس, ئیرەیی, نینۆك قرتاندن و مژینی پەنجە, خەوتن , دڵەڕاوکێ ,<br>(هەفتەی دەیەم )<br>- شەرم, شەڕانگێزی, تووڕەبوون و کەللەڕەقی )<br>- گرفتی نەگونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی<br>- نەگونجانی کۆمەڵایەتی ( هەفتەی یازدەم )<br>- ئەو گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیانەی کەوا رووبەڕووی منداڵ دەبێتەوە:<br>- درۆکردن, دزیکردن, تێکدان/تخريب<br>- گرفتەکانی ئامادەباشی بۆ بۆ فێربوون و فێرکردن لەباخچە<br>- دیاردەکانی گەشەی زمانەوانی لای منداڵی باخچە لەتەمەنی ( ٣-٤ ),( ٤-٥ ),(٥-٦) ساڵی ( هەفتەی دوازدەیەم )<br>- گرنگی چارەسەرکردنی گرفتەکانی منداڵ<br>- ڕێگای چارەسەری گرفتەکان لای منداڵ<br>١. چارەسەری پزیشکی<br>٢. چارەسەری دەروونی ( هەفتەی سێزدەیەم )<br>- هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی گرفتەکانی منداڵ<br>- هونەرەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ رەفتاری خراپ: |

| | |
|---|---|
| - (هاندان/پاداشت, پشتگوێخستن , دابڕان, پاراستن, گۆڕینی ئاراستەکردن, گفتوگۆکردن, کاتی تایبەت, تابلۆی ئەستێرەکان)<br>( هەفتەی چواردەیەم )<br>- شێوازەکانی چارەسەری دەروونی و پەروەردەیی:<br>- (چارەسەری بەیاری , مۆسیقا, هونەر, واقعی , دراما , سایکودراما , مەعریفی , پشوودان/ ترویح)<br>( هەفتەی پازدەیەم )<br>**تێبینی: ئەگەری بوونی هەر گۆڕانکاریەك لەپلانی ئەم کۆرس بووکەدا دەکرێت , وەك زیادکردنی بابەتێك یان لابردنی , یاخود جێگۆڕکێکردنی بابەتەکان , لەم گۆڕانکاریانەش قوتابیان ئاگادار دەکرێنەوە.** | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک | |
| نییە | |

١٩. تاقیکردنەوەکان

١. دارشتن: ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی گرفتەکانی منداڵ چین , بیانخەڕەوو؟

٢. راست و هەوت: نیشانەی راست بەرامبەر دەستەواژەی راست و نیشانەی چەوت بەرامبەر دەستەواژە هەڵەکان دانێ:

- گرفتی ترس بەیەکێك لەگرفتە تەندروستی و جووڵەییەکان دادەنرێت. (   )

٣. بژاردەی زۆر:

یەکێ لەنیشانەکانی شەرمنی بریتین لە:

- ترس - دەست لەرزین - زوو هەڵچوون - جووڵەی زۆر

٢٠. تێبینی تر

قوتابیان دەتوانن لەچوارچێوەی ئەم سەرچاوانەی کەئاماژەم پێکردووە دەربچن و ئەوانیش زانیاری بەدەست بهێنن لەڕێگەی سەرچاوەی تری جیا لەم سەرچاوە.

٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ

**پ. ی. د. سلوى احمد أمين**